# ئیدموند هوسەرڵ: فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک

**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

## بەشی چوارەم (کۆتایی)

ئێستا سەرنجی واتا و دروستیی فەلسەفەی جیهاندید دەدەین، بۆ ئەوەی دواتر لە بەرانبەر فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک دایبنێین و هەردووکیان پێکەوە بەراورد بکەین.

فەلسەفەی جیهاندیدی سەردەم، وەک چۆن ڕوون کرایەوە، کۆرپەیەکی ڕێبازی گومانکاری مێژووییە. ئاساییە ئەو کۆرپەیە لەبەردەم زانستە پۆزیتیڤیستییەکاندا دەستەوەستان بوەستێ، ئەگەرچی هەموو جۆرەکانی گومانکاری خەسڵەتی بێ سەروبەرەییان پێوە دیارە، ڕاستییەکی بەهای ڕیالیستییانەیان پێ دەبڕێ! بەو پێیە فەلسەفەی جیهاندید، پێشییانە گشت زانستە تاکەکان وەک چەند گەنجینە و سامانێکی ڕاستیی بابەتییانە دەکات بە پێشمەرج، ئەوەندەی ئامانجەکەی لەوەدا دەبینێت، بەپێی پێویستیمان زانینێکی تەواوەتی و یەکگرتوو، سەرتاپاگیری هەموو شتێک دەداتە دەست و پەی بە هەموو شمەکێک دەبات، گشت زانستە تاکەکان بە بنەمایەکی خۆی دادەنێ، بۆیە بەو پێیە خۆی نەک بە زانستی دادەنێ، بگرە بە فەلسەفەیەکی لەسەر بنەمای زانست دامەزراو هەژمار دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بویسترێ بەڕاستی لە بابەتەکە بگەیشترێ، سروشتی زانستییانەی دیسپلینێک هەر ئەوە نییە بنەما بنەڕەتییەکانی زانستی بن، بەڵکو بەزانستی بوونی ئەو کێشانەی ئامانجەکانی ڕەنگ دەڕێژن، بە زانستی بوونی میتودەکانی، بە تایبەتی هارمۆنییەکی لۆجیکی نێوان کێشە ئاراستەکارەکانیدا لەلایەک و ئەو جۆرە بنەما بنەڕەتی و میتودانەش لەلایەکی دیکەوە بە تایبەتی دەگرێتەوە، ئیتر ئەو ناوبردنە: فەلسەفەی زانستییانە ئەوپەڕی کەم شت

دەڵێ. ئەوی ڕاست بێ ئەو ناوە بە تەواوەتی تێی نەگەیشتراوە. زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفانی جیهاندیدی، بە تەواوەتی هەست بەوە دەکەن کە داخوازی بە زانست کردنی ورد و ڕێکوپێکی فەلسەفەکەیان لە ڕەوشێکی چاکدا نییە و هەندێک لەوان بەکراوەیی و ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێن کە ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتوون و پلەیەکی نزمی زانستی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی بەرزی ئەو جۆرە فەلسەفەیە دەنرخێنن کە دەیانەوێ جیهاندیدەکە پتر بێ لەوەی زانستی جیهان بێت، بەڵام بەهۆی کاریگەریی ڕێبازی مێژوویییەوە بە ئەگەر و گومانەوە سەرنجی بنیادنانی فەلسەفەیەکی زانستی ورد و ڕێکوپێکی جیهانیان داوە. ئەو هاندەرانەی کە لە هەمان کاتدا بە وردی و لە نزیکەوە واتای فەلسەفەی جیهادیدی جیهانی دیار و دەستنیشان دەکەن، ئەوانەن:

(٣٢٩)- هەر فەلسەفەیەکی مەزن نەک هەر تەنیا ڕاستییەکی مێژووییە، بەڵکو ئەرکێکی زیندووی ئامانجەکی لە پەرەسەندنی ژیانی گیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، بە تایبەت لەوەدا تاقیکردنەوەی زیندووی ژیان و کولتوور و دانایی سەردەمی خۆی ئەوپەڕی بەپێز و بڵند و کاریگەر بکات. با کەمێک هەڵوەستە بکەین بۆ ئەوەی ئەو چەمک و بۆچوونانە ڕوون بکەینەوە:

ئەزموون و شارەزایی وەک توانایی و هەڵوێست و ڕوخساری دەرەکی کەسێتی، پاشماوەی مانەوەی کردارەکانی هەڵوێستی ئەزموونی سروشتییە لە پرۆسەی پێشووتری ژیان. ئەو تواناییە لە پوختە و گەوهەرەکەیدا بەو شێوازە پابەندە کە بەهۆیەوە، وەک ئەو تاکەکەسییە تایبەتییە، لەلایەنی ئەزموون و شارەزایی خۆیەوە کاری لێ بکرێ و هان بدرێ، هەروەها کەمتر نا، چۆن ئەو بە پەسند کردن، یان ڕەتکردنەوە بێ، ڕێگا دەدات ئەزموونە بیانی و بۆماوەکانی کاری تێ بکەن. ئەوەی پێوەندی بە چالاکی و کارەکانی زانینەوە هەیە، کە بە ئەزموون و تاقیکردنەوە ناودەبرێن، دەکرێ چەند زانینێکی بوونی سروشت چەند جۆرێک بن، جا ئیتر تێبینی و هەست پێ کردنێکی سادە و ساکار و چەند کردارێکی ڕاستەوخۆی زانینی سەرنجدانانە بن، یان چالاکی هزر و بیر بن کە لە ئاستی جیاوازی قۆناغەکانی ساغکردنەوە و کارکردنی لۆجیکیانە لەوانەوە کە بێنەوە و پشتیان پێ ببەستن، بەڵام ئەمە بە پێی پێداویستی نییە. ئێمە شارەزاییمان



ئیدموند هوسەرڵ

لە چەند کارێکی هونەری و کاری تری هونەری جوانیدا هەیە، بەڵام شارەزاییمان لە بەها ئاکارییەکان لەمە کەمتر نییە، جا ئیتر ئەمە مایە و بە سایەی کردارە تایبەتییە ئاکارییەکەمانەوە بێت، یان لەسەر بنەمای سەرنجدانی وردی کرداری کەسانی تر بووبێ! هەر بەو پێیە خۆی، چەند شارەزاییەکمان لە کاری چاکەکاری و سوود و قازانجی کردەکی و جێبەجێ کردنی تەکنیکی هەیە. بە کورتی: ئێمە تەنیا هەر ئەزموون و شارەزایی تیۆریمان نییە، بەڵکو هی شارەزایی بەها و پراکتیکیشمان هەیە. شیکردنەوە نیشانی دەدات، ئەوانەی دوایی دەچنەوە سەر ئەزموونە بەهادار و کاملەکانی ژیان کە جۆرێکن لە بۆ هاتن، هەروەها زانینی ئەزموونی و شارەزایی ئاستی بەرز و لۆجیکی لەسەر بنەمای ئەو شارەزاییە پەیدا دەبن و بنیاد دەنرێن. ئیتر بەو پێیە خاوەن شارەزایی هەمەلایەنە، یان وەک ئێمە دەڵێین:

«ڕۆشنبیر» تەنیا هەر ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزایی جیهانی نییە، بەڵکو شارەزایی ئایینی جوانی و ئاکاری، سیاسی، پراکتیکی- تەکنیکی هی تر، شارەزایی، یان پەروەردەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو وشەسواوە فرە بەکارهاتووە (ڕۆشنبیری- پەروەردە) زۆر بەکارناهێنین، چونکە وشەیەکی بەرانبەریمان هەیە «نەزانین». تەنیا هەر بۆ وێنەی بایەخی بەرزی ئەو توانایییەی باسمان کرد، ڕێژەیی بەکاری دەهێنین.

دەربارەی پلە بەرزەکانی بەها، وشەی مودێل کۆنی دانایی (دانایی جیهان، دانایی دنیا و ژیان) دەیگرێتەوە و بەلای کەمەوە ئەو دەربڕینە خۆشەویستە ئێستا لە ئارادایە: جیهاندیدی ژیان و جیهان، یان جیهاندیدی دنیا.

(٣٣٠)- پێویستە ئێستا ئێمە داناییەکە، یان جیهاندیدەکە، بەو واتایە وا ببینین و سەرنج بدەین رەگەزێکی گەوهەرییانەی ئەو دابونەریت و توانستە مرۆڤییەیە کە بایەخێکی گەورە و مەزنی هەیە لە بیرۆکەی چاکەکاری و توانایی و لێهاتوویی تەواوەتیدا کە ئاراستە و تواناییە شیاوەکییەکانی هەڵوێست نواندنی دیار و دەستنیشان دەکرێت. ئەو توانایی و لێهاتووییە، ئیتر شان بە شانی توانایی بریاردانی ئەوپەڕی دروست، دەربارەی بابەتییانەی ئەو جۆرە هەڵوێست نواندنانە سەبارەت بە دەوروبەر و بەهاکان و چاکەکاری و کردەوەکان...تاد، بریاری ژێربییانەی هەڵوێست نواندنەکانی بەرەوپێش دەچێ و توانایی پاساودانی هەڵوێستەکانی مرۆڤی بە ڕوون و ئاشکرایی هەیە، بەڵام ئەمە دانایی دەکات بە پێشمەرج و سەر بە فۆرمە بەرز و باڵاکانیەتی.

دانایی و جیهاندید بەو شێوەیەی دیار و دەستنیشان کرا، ئەگەرچی هەمەرەنگی چەندان جۆری تیپ و پلەکانی بەهای گرتووەتەوە، ئەوەش پێویستی بە پتر ڕوونکردنەوە نییە کە تەنیا هەر دەرکەوتێکی ڕووت و پەتی نییە کە تاکە کەسایەتییەکان بەدی بهێنن، بەڵکو بگرە سەر بە کۆمەڵگای ڕۆشنبیری و سەردەمە، هەروەها ئەوەندەی پێوەندی بە فۆرمە سەرنج ڕاکێشەکانییەوە هەیە، واتایەکی چاکی هەیە. بەهۆیەوە ناتوانرێ تەنیا هەر قسە لە پەروەردە و ڕۆشنبیری و جیهاندیدی تاکی دیاریکراو بکرێ، بەڵکو دەکرێ قسە لە کولتووری سەردەم بکرێ، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی دەربارەی ئەو فۆرمانە ڕاستودروستە کە ئێستا قسەیان لێوە دەکرێت:

تێگەیشتنی هزرییانەی دانایی کە لە کەسایەتییەکی فەلسەفەییدا زیندوو و بە پیت و پێزی ناوەکییانەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی تەمومژاوی و تاریک و لێڵەو لە تێگەیشتن نایەت، دەستەبەری توانایی و دەرفەتی کار لەسەر کردنی لۆجکییانەی چەند ئاستێکی کولتووری بەرز دەبێ بەوەی ئەو میتودە لۆجیکییە کە لە زانستە پێشکەوتووەکاندا پەرەی پێ دراوە، بەکاربهێنێ، ئاشکرایە ئەگەر تێکڕای ناوەرۆکی ئەو زانستانە کە وەک پێداویستی دروستی گیانی گشتی بەرانبەر تاک دەوەستێ و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەو ئاستەدا سەر بەژێرخانی ڕۆشنبیرییەکی پڕ بایەخە، یان هی جیهاندیدە [Weltanschauuumg]. لەوەدا کە ئێستاکە و چونکە ئەوەندەی پاڵنەرە کارەکانی ڕۆشنبیری سەردەم کە ئەوپەڕی قەناعەت پێکەرن، تەنیا هەر بۆچوونێکی تێگەیشتنانەیان پێ نابڕێ، بەڵکو پەرەسەندن و گەشەکردنێکی لۆجیکییانە و ئامادەکارییەکی هزرییانەی تریش بەدەست دەهێنن، ئیتر ئەوەندەی ئەنجامە بە دەستهاتووەکان بەو جۆرەی قسەیان لێ کرا و بە جێگۆڕکێ و بەدوای یەکتری هاتندا لەگەڵ سەرنجدان و تێگەیشتنە ژێربیە پتر دەستگیر بووەکان دەگەنە ئاستی یەکگرتنی زانستییانەی تەواوەتی و کامڵیی ڕێکوپێک، فراوان بوونێکی سنوور بە زێنی لە ڕادەبەدەری ئەو داناییە دەکەوێتەوە کە لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی بۆچوونی تێگەیشتنانە دانەڕێژراوە، ئیتر لەوێ فەلسەفەیەکی جیهاندید پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە کە لە چەند سیستم و نەزمێکی گەورەدا چەند وەڵامێکی ڕێژەیی کامل دەربارەی نهێنییەکانی ژیان و جیهان پێشکەش دەکات، واتە ئەوانەی دەبنە مایەی گەیشتن بە چارەسەر و ڕوونکردنەوەیەکی بەس بوو دەربارەی ناڕێکوپێکی تیوری و بەهایی و پراکتیکی (کردەکی) لە ژیاندا. ئەمانە ئەو جۆرە ناڕێکوپێکییانەن کە ئەزموون، یان دانایی، یان جیهاندیدی ڕووت و پەتی جیهان و ژیان بەسەریاندا زاڵ بێت تەنیا بەشێوەیەکی کەموکوڕ و نیوەچڵی نەبێ.

(٣٣١)- ژیان گیانی مرۆڤایەتی بە هەموو بنیاد و کولتوور و خەبات و تاقیکردنەوە هەمیشە نوێیەکانی و بە داهێنانی بەها و ئامانجی نوێ، هەمیشە بەرەوپێش دەچێ و پێش دەکەوێ. لەگەڵ فراوان بوونی ئاسۆییانەی ژیان کە تێیدا گشت پێکهاتە گیانییەکان سەرئاو و بەدەر دەکەون، کولتوور و دانایی و پرۆسەی جیهاندیدی خۆیان دەگۆڕن، فەلسەفە بۆ لووتکەیەکی بڵند و هەمیشە بەرزتر خۆی دەگۆڕێ و بەرەو هەوراز سەر دەکەوێ.

ئەوەندەی بایەخ و بەهای فەلسەفەی جیهاندیدی و لەگەڵیدا کۆشش بۆ ئەو جۆرە فەلسەفەیە پابەندی مەرجی بەهای دانایی و کۆشش لەپێناوی داناییدایە، هیچ گرینگ و پێویست نییە، بە تایبەتی بیر لەو ئامانجە

بکرێتەوە کە فەلسەفە دایناوە و کۆششی بۆ دەکات، ئەگەر مرۆڤ چەمکی دانایی وا فراوان تێ بگات وەک ئەوەی کە ئێمە کردمان، ئەوکاتە داناییە کە بەپێی پێکهاتەی بیرۆکەی نموونەی بەرز کە دەکرێ لەو قۆناغەدا بەدەست بهێنرێ، لێهاتوویی تەواوەتی دەردەبڕێ، بە وشەیەکی تر، تەواویەتییەکی ڕێژەیی جێگیری داهێنانی بیرۆکەی مرۆڤ پەروەرییە، کەوابوو ئیتر ڕوون و ئاشکرایە چون هەر کەسە بەو پێیە پێویستە و دەبێ هەوڵ بدات بەپێی شیاوەکی لە توانستدا بووندا ببێ بە کەسایەتییەکی خاوەن توانایی لە هەموو سەرێکەوە، بە تواناییەک بەپێی هەموو ئاراستە بنەڕەتییەکانی ژیان، ئەو ئاراستانەی لەلای خۆیانەوە لەگەڵ جۆرە بنەڕەتییەکانی شیاوەکی هەڵوێست نواندندا دێنەوە، هەروەها ڕوونە کە چۆن پێویستە هەر کەسە بکۆشێ لە هەموو ئاراستەکاندا خاوەن ئەزموون و بەپێی توانایی دانابێ و ئەنجا هەروەها بەپێی شیاوەکی «دانایی بژیا». بەپێی ئەو بیرۆکەیە هەر کەسێک هەوڵ بدات، تێ بکۆشی بە ناچاری و پڕ بە پێستی ئەو وشە بنەڕەتییە «فەیلەسووفە».

لە ئەنجامی ڕامان و وردبوونەوەی سروشتیانە لە باشترین ڕێگا گەیشتنە ئامانجی بەرزی مرۆڤ پەروەریی و ئەنجا لە هەمان کاتدا گەیشتن بە دانایی تەواوەتی و کامڵ، هەروەک زانراوە، زانستی هونەرێک دەربارەی مرۆڤی چاکەکار، یان مرۆڤی هەڵکەوتە و بە توانست کەوتووەتەوە و پەیدا بووە. ئەگەر ئەو زانستی هونەرە، وەک چۆن هەروا کراوە، بە هونەری ڕەفتار و کرداری ڕاستودروست پێناسە بکرێت، هەر ئەو شتە خۆی دەکەوێتەوە، چونکە کرداری دروست و ڕاست، کە ئەمە مەبەستە، دەچێتەوە سەر کەسایەتی کردەکی لێهاتوو، ئەمەش هەمیشە لە سۆنگەی سەرنجدانی ژیرەکی و بەهای پێشییانە کامڵی ئاسایی دەکاتە پێش مەرج. کۆششی هۆشیارانە لەپێناوی کامڵی و تەواوەتیدا جارێکی دیکە هەوڵدان بۆ دانایی هەمە لایەنە پێویست دەکات، لە ڕوانگەی مەتریالی ناوەڕۆکەوە ئەو دیسپلینەی کۆشش کردن، مرۆڤ بەرەو کۆی جیاواز و هەمەڕەنگی بەها دەبات، ئەوانەی لە زانست و هونەر و ئایین هتن...تاد. ئیتر وا پێویست دەکات هەر تاکێکی کۆششکاری هەوڵدەر وەک لەسەروو خۆبەتی (خودی) و هاوبەش و ناوکۆیی یەکخەر بیناسی و دانی پێدا بنێ، بیرۆکەی ئەو دانایی و لێهاتوویە کامڵە تەواوەتییە لە بەرزترینی ئەو بەهایانەن. سروشتی و ئاساییە ئەو تیورییەی کردار و ڕەفتاری ئاکارییانە، ئیتر ئەگەر پتر وەک بابەتێکی سادە و کاری میللییانە، یان پتر وەک زانستێ سەرنج بدرێ و تەماشا بکرێت، دەچێتە نێو چوارچێوەی فەلسەفەی گشتی جیهاندیدییەوە، فەلسەفەیەک بە تێکڕای گشت مەڵۆیەکانییەوە هەروەک چۆن لەنێو کۆی هۆشیاری بە کۆمەڵی سەردەمدا گەشەی کردووە و بەپێی توانایی بڕوا هێنانی تاکەکان وەک ڕاستییەکی بابەتییانە، لەبەرانبەریدا دەردەکەوێ، دەبێ ئەو فەلسەفەیە ببێ بە هێزێکی ئەوپەڕی بەرزی گرنگ و یەکخەر، ببێ بە خاڵێکی تیشک پەژێنی پەروەردە و کولتوور و ڕۆشنبیری ڕووناککەرەوەی گرینگ و بایەخداری کەسایەتییە ئەوپەڕی بە بایەخ و بەهادارەکانی سەردەم.

(٣٣٢)- دوای ئەوەی ئێمە ئەوپەڕی ڕەوا و دادپەروەرانە بەرزترین بەهامان دایەپاڵ فەلسەفەی جیهاندیدی، دەکرێ وا دەربکەوێ و دەشێ هیچ شتێک ڕێگرمان نەبێ، بەبێ مەرج ئەو ئامۆژگارییە بکەین و کۆششی ئەو جۆرە فەلسەفەیە بکرێ و هەوڵی بۆ بدرێ.

دوور نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، بکرێ نیشانی بدەین سەبارەت بە بیرۆکەی فەلسەفە شتی تر بیری لێ بکرێتەوە لە چەند دیدێکی دیاریکراوەوە و پێویستە بێتەدی، چەند بەهایەکی دیکە، لەوانە بەهای بڵند، ئەو بەهایانەی تایبەتن بە زانستی فەلسەفەیی. دەبێ ئەمانە بیریان لێ بکرێتەوە:

بیرکردنەوە و وردبوونەوەکانمان لە زانستی ئەوپەڕی بەرزی کولتووری سەردەم کەوتوونەتەوە، کە لە سەردەمێکدا هێزێکی ئەوپەڕی دەستڕۆیشتوویی زانستە کڵۆمە بابەتییەکان بووە. سەبارەت بە هۆشیاری نوێ بیرۆکەکانی کولتوور، یان جیهاندید و زانست- ئەگەر بە بیرۆکەی پراکتیکی کردەکی تێیان بگەیشترێ- بە تەواوەتی جیابووونەتەوە. هەر لە ئێستاشەوە هەتا هەتایە هەر بە جیابوونەوە دەمێننەوە، دەکرێ ئێمە سەرزەنشتی ئەمە بکەین، بەڵام دەبێ ئێمە وەک ڕاستییەکی کاریگەری بەردەوام پەسندی بکەین کە بەپێی پێویست هەڵوێستی بە کردەکی نواندنمان دیار و دەستنیشان دەکات. بە دڵنیاییەوە فەلسەفەکانی ڕابوردوو (مێژوو) چەند فەلسەفەیەکی جیهاندیدی بوون، لەوەدا و ئەوەندەی

پاڵنەری دانایی لەو داهێنانەیاندا هاندەریان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەمان شێوە چەند فەلسەفەیەکی زانستی بوون، ئەوەندەی ئامانجی زانستی ورد و ڕێکوپێک و زیندوو سەرپشکیان بوون. هەردوو ئامانجەکەش ئەوکاتە جیا نەبوون، یان لە یەکتری جیاواز نەبوون. لە کۆششی کردەکی (پراکتیکی)دا هەردووکیان شان بەشانی یەکتری هەنگاو هەڵدەگرن و دەڕۆن. ئەوان ئەوپەڕی دوورن و دووره دەستن، ناکرێ کۆششکار بیەوێ هەستی پێ بکات، ئەمەش لەگەڵ پەیدابوونی زانستی ورد و ڕێکوپێکی هەمەکی سنووری کات بەزێن گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتووە. نەوە لە دوای نەوە بەوپەڕی خوێن گەرمی و گەرموگوڕییەوە کاریان لە بنیادنانی کۆشکی مەزنی زانست کردووە و خشت لەسەر خشتیان داناوە، لەوەش بە ئاگا و هۆشیار بوون، کە بنیادە و دامەزراندنی ئەو جۆرە بێ کۆتاییە هەرگیز و هیچ کاتێک لێی نابنەوە و کۆتایی نایەت، هەروەها جیهاندیدیش ئەگەرچی «بیرۆکەیەکە» ، بەڵام بیرۆکەی ئامانجێکی کۆتایی نەهاتووە، دەبێ لە بنەڕەتدا بە ڕێگای گۆڕانی نەپساوە لە ژیانی تاکدا بێتەدی، هەروەک ئاکار بەدەست نیشانکراوی، ئەگەر لە بنەڕەتەوە ببێتە بیرۆکەیەکی هەتاهەتایی بێ کۆتایی، واتا و بایەخی خۆی لە دەست دەدات، کەواتە بیرۆکەی جیهاندید و سەرنجدانی جیهان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەمەش ڕاستییەکە بەبێ سەختی و گرانی بەپێی شیکردنەوەی پێشووی چەمکی بۆچوونەکەی دەردەکەوێ. بیرۆکەی زانست بە پێچەوانەوە لەسەرووی کاتەوەیە، ئەمەش لێرەدا ئەوە دەبێژێ کە بە هۆی هیچ پێوەندییەک بە گیانی سەردەمێکەوە سنووردار نییە. ئەو جیاوازییانە چەند جیاوازییەکی گەوهەری ئاراستەکردەکییان دێتە سەر. بەگشتی ئامانجەکانی ژیانمان دوو جۆرن:

(٣٣٣)- هەندێکیان سەر بە کاتن و هەندێکی دیکەیان هەتا هەتایین. هەندێکیان خزمەتی کاملی تایبەتی ئێمە و هی کەسانی سەردەمەکەمان دەکەن، ئەوانی دیکەش خزمەتی کەماڵ و تەواوەتی نەوەی ئاییندە و نەوەکانی دوور و دواتر دەکەن. زانست ناوونیشانی بەهایە سنوورەکان بەزێنەکانە. هەر بەهایەک لەوانە کە جارێک بدۆزرێتەوە سەر بە گەنجینەی سامانی گشت مرۆڤایەتی دوارۆژە و بە ئاشکرایی لە هەمان کاتدا ناوەرۆکی ماددەیی بیرۆکەی کولتوور و پەروەردە و دانایی و جیهاندید، هەروەها هی فەلسەفەی سەرنجدانی جیهان دیار و دەستنیشان دەکات.

کەوابوو، ئیتر بە ئەوپەڕی توندی: فەلسەفەی جیهاندید و فەلسەفەی زانست وەک دوو بیرۆکەی (ئایدیای) تارادەیەک بەیەکەوە بەند، بەڵام ناکرێ تێکەڵی یەکتری بکرێن، لە یەکتری جیا دەبنەوە، هەروەها دەبێ لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرچاو بگیرێ کە یەکەمیان لە کاتدا بە ڕێژەیی کردنێکی نا کاملی ئەوی دواییان نییە، چونکە ئەگەر تێگەیشتن و لێکدانەوەکەمان ڕاست بێ، ئەوە تاکو ئێستا بەهیچ جۆرێک ئەو بیرۆکەیە جێبەجێ نەکراوە، واتە فەلسەفەیەکی لە ئارادابوو نییە کە زانستێکی ورد و ڕێکوپێک بێت، هەروەها «سیستمێکی تیورییانە» بوونی نییە، تەنانەت ئەگەر سیستمێکی کەموکورتیش بێت، بابەتییانە کە لەنێو گیانی یەکگرتوویی کۆی توێژەرانی سەردەممانداا بێ، لە لایەکی دیکەوە پێش هەزار ساڵ فەلسەفەی جیهاندیدی هەبووە. لەگەڵ ئەوەدا دەکرێ بگوترێ، بەدی هاتنی ئەو بیرۆکانە «کە دەربارەی هەردووکیان پێشبینی کرا» هەر دەبێ لە یەکترییان نزیک بکاتەوە و لە بێ کۆتاییدا لەگەڵ یەکتری بێنەوە و پێکەوە بگونجێن بە جۆرێک بتوانین و بخوازین بە ئەندێشە، بێ کۆتایی زانست وەک «خاڵێکی دووری بێ کۆتایی» وێنا بکەین و بۆی بچین، چەمکی فەلسەفە ئیتر بەو پێیە بە فراوانترین ڕەهەند تێی دەگەیشترێ بەو فراوانییەی کە شان بە شانی زانستە فەلسەفەییە تایبەتییەکان هەموو زانستە تاکەکان بگرێتەوە، دوای ئەوەی بەهۆی ڕۆشنکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی ژیرییانە دەگۆڕێ و دەبێ بە چەند فەلسەفەیەک.

ئەگەر بێتو هەردوو بیرۆکە جیاوازەکان بە ناوەرۆکی ئامانجەکانی ژیان دابنێین، ئەوە بەو پێیە لە بەرانبەر کۆششی جیهاندیدا کۆششی توێژینەوەیەکی تر کە بە تەواوەتی دژایەتی دەردەکەوێ، ئەمەش هەڵوێستەیەکە ئەگەرچی بە تەواوەتی لەوەش هۆشیارە کە هیچ جارێک ناکرێت زانست داهێنانێکی تەواوەتی تاکەکان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو وزەیەکی لەوەدا چڕ دەکاتەوە و بەکاردەبات لەگەڵ هاوبیرانی بۆ بەرەوپێش بردنی هەنگاو بە هەنگاوی فەلسەفەی زانستی. گەورەترین کێشە و پرسی سەردەم ئەوەیە، شان بە شانی بەڕوونی هەڵاواردن و جیاکردنەوە و جیاوازییان هەڵسەنگاندنێکی ڕێژەیی

ئەو ئامانجانە و بەکردەوە یەکگرتنەوەیان بکرێت.
هەر لە سەرەتاوە دان بەوەدا دەنرێت کە لە ڕوانگەی ئەو تاکانەی چالاکی فەلسەفەیی دەکەن سەبارەت بەو جۆرە و جۆرەکانی تری ئەو فەلسەفەکردنە بڕیاری یەکلایی کردنەوە بوونی نییە، یەکەمیان پتر مرۆڤی تیوریستین، سروشت ئاسا مەیلی ئەوەیان هەیە، بەدوای پیشە و پسپۆڕی خۆیاندا لەنێو توێژینەوەی زانستی ڕێکوپێکدا دەگەڕێن، ئەوەندەی ئەو کایەیەی سەرنجیان ڕادەکێشێ کە هیوا و ئاواتیان لەو توێژینەوەیەدا دابین بکات.
(٣٣٤)- لێرەوە دەکرێ ئەو مەیل و ئارەزووە، تەنانەت مەیلی هەست و سۆزیش بێ بۆ ئەو کایەیە، لە پێداویستی میزاج و سۆزەوە بۆ پێداویستی جیهاندیدی کەوتبێتەوە. بە پێچەوانەوە هەڵوێستەکە سەبارەت بەوانەی سروشتی ئیستێتیکی (هونەری جوانی)، یان هی پراکتیکیان هەیە (بۆ هونەرمەند، لاهووتییەکان و قانووناسان...تاد) بە جۆرێکی دیکەیە. ئەوان پیشە و پەیامی خۆیان لە بەدیهێنانی نموونەی بەرزی جوانی، یان پراکتیکیدا دەبیننەوە، واتە ئیتر بەدیهێنانی نموونەی بەرزی کایەی دەرەوەی تیورییانە. لێرەدا ئێمە لاهووتی و قانووناسانیش، بە واتا فراوانەکەی بە توێژەری تەکنیکی و نووسەر دادەنێین ئەوەندەی ئەوان بەو نووسینانەیان نەیانەوێ تیورییەکی بێگەرد ڕۆبنێین، بەڵکو مەبەستیان بێ بە پلەی یەکەم بیانەوێ بە کردەوە کاریگەریی پراکتیکیان هەبێ. ئەوپەڕی ڕوونە کە لە ژیانی ڕاستەقینەی هەڵکەوت خۆیدا هیچ دەرفەت و بواری دابڕان و جیابوونەوە لە ئارادا نییە، بەتایبەتی لەسەردەمێکدا کە هاندەرە پراکتیکییە کردەکییەکان بەرەو ژوور دەچن و کاریگەرن و دەکرێ سروشتی تیورییانە بە پلەیەکی بەرچاو لەبەردەم ئەو هاندەرانە پاشەکشە بکەن، پتر لەوەی سروشتە تیورییەکانیان ڕێگایان بدەن. لێرەدا بە تایبەتی مەترسییەکی گەورە بە شێوەیەکی تایبەتی بەرەنگاری فەلسەفەی سەردەمان دەبێتەوە.
نابێ پرسیارەکە تەنیا هەر لە سۆنگەی تاکەکەسەوە، بگرە دەبێ لە هی مرۆڤایەتی و مێژووەوە بکرێت، ئەوەندەی ئێمە بە تایبەتی بیر دەکەینەوە، ئایا پەرەسەندنی کولتوور و شیاوەکی و توانایی بەدیهێنانی هەمیشە بەرەو پێشچوونی بیرۆکەی نەمری و هەتاهەتایی مرۆڤایەتی- نەک مرۆڤ وەک تاکێک- چی دەگەیەنێ و چ بایەخێکی هەیە، ئایا ئەو پرسە بە واتای یەکەم، یان بە واتایەکی تر بە تەواوەتی یەکلایی کراوەتەوە؟ بەشێوەیەکی دیکە ئایا ئاراستەبوون بەرەو جۆرێکی فەلسەفە کۆنترۆڵی سەردەمی کردووە و بووەتە مایەی ئەوەی ئاراستەکەی تر- با بڵێین فەلسەفەی زانستی- نەمێنێ؟ ئەمەش پرسێکی کردەکی پراکتیکییە. ئیتر کاریگەری مێژوویی ئێمە و ئۆباڵی ئاکاری ئەستۆمان هەموو پلە دوور و دوورترینی نموونەی ئاکاریی و لەوانە دەگرنەوە کە بیرۆکەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی دیار و دەستنیشانی دەکات.
چۆن بڕیارە کێشە ئامێزەکان بۆ سروشتێکی تیورییانە دەدرێ، ئەگەر هاتو چەند دەستپێکێکی گومان هەڵنەگری ڕێبازی فەلسەفە لە ئارادا بوون، ڕوون و ئاشکرایە. با سەرنجێکی زانستەکانی دیکە بدەین، گشت «داناییە» بیرکاری زانستییە سروشتییەکان کە ئاسایانە پێگەیشتوون، هەروەها ڕێبازی داناییش، ئەوەندەی دەستبەداری قانوونەکانیان بوون، بەپێی ڕێبازە تیورییەکەی وەک خۆیان، بابەتییانە ڕاستودروست دامەزراون، زانست گوتوویەتی: دەبێ لە ئێستاوە دانایی فێربن، کۆششی داناییانەی زانستی سروشتی پێش پەیدابوونی زانست وەنەبێ ڕەوا نەبووبێ، دواتریش سەبارەت بە سەردەمی خۆی دوورنەخراوەتەوە، لە جەنجاڵی ژیانیشدا، لە ناچاریی پراکتیکیدا، هەڵوێست بنوێنرێ، ناکرێ مرۆڤ چاوەڕوان بێ تاوەکو - لە هەزارانساڵدا- زانست پەیدا دەبێ، تەنانەت ئەگەر واش دابنرێ و گریمانە بکرێ کە بە گشتی بیرۆکەی زانستی ورد و ڕێکوپێک ئێستا لەلای ناسراو و زانراو بووبێ.
(٣٣٥)- لەلایەکی دیکەوە هەر زانستێکی ورد و ڕێکوپێک تەنیا هەر ڕێبازی سیستمێکی سنوورداری پەرەسەندوو پێشکەش دەکات، کە بە ئاسۆیەکی بێ کۆتایی دەورە دراوە و نەبووە بە زانستێکی ڕاستەقینە. کەوابوو دەبێ چ بە ئامانجی ڕاستەقینەی ئەو ئاسۆیە دابنرێ: پەرەسەندنی پتری ڕێبازە ڕێکوپێکەکە، یان «سەرنج و ڕامان»، «دانایی؟» مرۆڤی تیورییانە کە بە پیشە توێژەری سروشتی (فیزیکە) سڵ لەو وەڵامە ناکاتەوە: لەو جێگایەی زانست دەتوانێ بدوێ، ئیتر جا ئەمە لە چەند سەد ساڵێکدا بێ، جیهاندیدی ساکار و تەمومژاوی بە کەم دانانییەوە ڕەت دەکاتەوە، بە گوناحێکی دادەنێ کە بەرانبەر بە زانست دەکرێ! ئەگەر

بێتو پرۆژەی سروشتی «جیهاندیدی» ڕەوا بکات، بە دڵنیاییەوە ئەو داکۆکی لە مافێکی مرۆڤایەتی دوارۆژ دەکات. زانستە ڕێکوپێکەکان گەورەیی و بەردەوامی پەرەسەندن و هێز و تواناییان لەو هەڵوێستە ڕیشەیی (ڕادیکالی) ئەو جۆرە بیرکردنەوە کەوتوونەتەوە، بەدڵنیاییەوە هەموو توێژەرێکی ورد و ڕێکوپێک جیهاندیدی خۆی ڕۆدەنێ و ڕەنگ دەڕێژێ، ئەو ورد سەرنج دەدات، دەزانێ، گریمانە دەکات بۆ ئەوەی ئەوە تێپەڕێنێ کە جێگیر و پتەوانە دامەزراوە، بەڵام ئێمە تەنیا هەر بە مەبەستێکی میتودەیی دەکات بۆ ئەوەی چەند پشکێکی تیورییەکی ڕێکوپێک و کڵۆم ڕۆبنێ. ئەو هەڵوێست نواندنە، ئەوە بە دوور ناگرێ، هەروەک چۆن توێژەری سروشتی خۆی باش دەزانێ، شارەزایی و ئەزموون بە واتای قۆناغی پێش زانست، ئەگەرچی توندوتۆڵ بە سەرنجدانی زانستییەوە بەندە، لە چوارچێوەی تەکنیکی زانستی سروشتدا ڕۆڵێکی گەورە و گرینگ دەگێڕێ. ئەرکە تەکنیکییەکان دەخوازن شت تەواو بکەن، خانوو، مەکینە دەبێ دروست بکرێ، ناشکرێ هەر چاوەڕوانی بکرێت، تاوەکو زانست دەتوانێ دەربارەی هەموو شتێک زانیاری ڕێکوپێکی ورد پێشکەش بکات. تەکنیککار وەک پراکتیککارێک لەو بارەیەوە بڕیارێکی جیاواز لە هی فیزیککاری تیوریانە دەدات، لەوەوە ڕێباز و تیورییەکە وەردەگرێ و لە ژیان شارەزایی پەیدا دەکات.

هەڵوێست و ڕەوشەکە دەربارەی فەلسەفەی زانستی بەو جۆرە نییە، چونکە تا ئێستا جارێک دەستپێکێکی تیورییەکی ورد و ڕێکوپێکی زانستی ڕۆنەنراوە، ئەو فەلسەفەیەش لە چوارچێوەی مێژوودا هاتووە و ماوە و ئەوەی بە پەرەسەندنێکی زیندوو داڕێژراوە کە بۆ ئەو هاتووە، ئەو پەڕەکەی لە بنیادێکی نیمچە زانستی بەولاوە نییە، یان کۆیەکی تێکەڵی تەمومژاوی جیانەکراوەی جیهاندید و زانینی تیوریانەیە، لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە ئێمە لێرەدا ناتوانین چاوەڕێ بکەین. پێداویستی ناچارەکی فەلسەفە وەک پێداویستییەکی ناچارەکی جیهاندید تۆبزیمان لێ دەکات.

ئەو هەمیشە گەورەتر دەبێ ئەوەندەی بازنەی زانستە پۆزیتیڤییەکان فراوانتر دەبن و درێژ دەبنەوە.

(٣٣٦)- زۆر و زەبەندی ئەو ڕاستەقینە «شرۆڤە» کارەکان کە پێشکەشمان دەکرێن، ناتوانن یارمەتیمان بدەن، چونکە ئەوان لە بنەڕەتەوە، لەگەڵ تێکڕای زانستەکان ڕەهەندێکی مەتەڵ و گرێ کوێرە لەگەڵ خۆیاندا پێشکەش دەکەن کە هەڵهێنان و کردنەوەی دەبێت بە کێشەی ژیانمان. زانستە سروشتییەکان گرێ و مەتەڵێکی ئەو هەڵکەوتە ڕاستەقینەیەی تێیدا دەجوولێینەوە و هەین، لە هیچ خاڵێکدا نەکردۆتەوە و هەڵنەهێناوە، کەچی باوەڕی گشتی ئەوەیە کە ئەرکەکەیان جێبەجێ کردنی ئەمەیە، کەچی بەپێی پێویست نەیانکردووە. ئەو بیروبۆچوونەی دەڵێ: ئەوان- لە بنەڕەتدا- دەتوانن ئەمە جێبەجێ بکەن، لەبەردەم وردبوونەوەی قووڵدا وەک وڕێنە پەردەی لەسەر لادراوە. جیابوونەوەی ناچاری لە یەکتری زانستی سروشت و فەلسەفە- ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئاراستەیەکی دیکەی هەبووە، هەرچەندە لە چەند کایەیەکدا لە گەوهەردا بەلای زانستدا چووە، ئەوەندەی پێوەندی بە زانستەوە هەبووبێ- ئەوە بەرەو جێگیربوون و ڕوونکردنەوە بە ڕێگاوەیە. ئەگەر لەگەڵ لوتزەدا بدوێین: «پرۆسەی ڕەوتی جیهان بپێورێ و بژمێردرێ، تێگەیشتنەکەی ناگەیەنێ». ڕەوشەکەی زانستە مرۆڤییەکان لەمە باشتر نییە. شتێکی ئەوپەڕی جوان و باشە مرۆڤ لە ژیانی گیانیی مرۆڤایەتی تێ بگات، بەڵام تەنانەت ئەو تێگەیشتنە، بە داخەوە ناتوانێ یارمەتیمان بدات و ناکرێ و نابێ لەگەڵ هی فەلسەفەدا بە هەڵە ئاڵوگۆڕ بکرێ، کە دەبێ ئەو گرێ کوێرە و مەتەڵەکانی جیهان و ژیانمان بۆ بکاتەوە و هەڵبهێنێ.

ڕاستییەکەی کلۆڵی گیانی سەردەممان وای لێهاتووە کەس نەتوانێ بچێتە ژێر بارییەوە. بابەتەکە تەنیا هەر کەموکورتی و ناڕوونی و تەمومژاوی تیوریانە نییە دەربارەی واتای هەڵکەوت (واقع) کە لە زانستی سروشتی و زانستی مرۆڤیدا توێژینەوەی لەسەر کراوە، ئەوەش ئێمەی ناڕەحەت کردووە- تا چ ڕادەیەک لەوەدا «بوون» بە واتای کۆتایی دەزانرێ، دەکرێ چ شتێک لە خۆیدا وەک ئەوەی بوونی «ڕەها» بێ، سەرنج بدرێ، ئایا دەکرێ لە هەڵکەوتدا شتێکی وەک ئەمەش هەبێ و بتوانرێ بزانرێ بابەتەکە زۆر لەوە گەورەترە و ناگوزووری و کلۆڵی ڕیشەیی ژیانە کە ئێمە بە دەستییەوە دەناڵێنین و کەلەبەرێکی ژیانی نەهێشتووەتەوە کە پێی نەگەیشتبێ. ژیان هەمووی هەڵوێست نواندنە، هەموو هەڵوێست نواندنێک پابەندی فرمانە، کەوتووەتە ژێر

باری بڕیاردان بەپێی چەند پێوەرێکی گوایە بە «ڕەها» ڕاست دانراو، دەربارەی دروستی و نادروستی، ئەوەندەی ئەو پێوەرانە هەڕەشەیان لەسەر نەبوونی و بە هیچ گومانێک لەکەدار نەکرابن و گاڵتەیان پێ نەکرابێ، تەنیا یەک پرس و کێشەی زیندووی ژیان بوونی هەبووە، چۆن بەکردەوە ئەو پێوەرە بنەڕەتییانە بە باشترین ڕێگا لە جێبەجێ کردندا مافی خۆیان پێ ببڕێ. ئیتر دەبێ ڕەوشەکە چۆن بێ و چی بکرێت کاتێک هەموو هەریەکە لەو پێوەرانە کێشە و بگرە و بەردەیان لەسەربێ، یان بە ئەزموون و چەواشە بکرێن و بایەخە نموونەییەکانیان لێ زەوت بکرێن؟! ڕابەرانی ڕێبازی سروشتی و مێژوویی (ناتورالیست و هیستۆریستەکان) داکۆکی لە ڕێبازی جیهاندیدی دەکەن و لە پێناویدا تێ دەکۆشن، بگرە هەردووک لایەن لەبەرەی جیاوازدا کاردەکەن، تا بیرۆکەکان بکەن بە ڕاستی هەڵکەوت و هەموو هەڵکەوت و ژیان تێکڕا بکەن بە تێکەڵەیەکی بێ نموونەیی تەمومژاوی «ڕاستەقینەی کردەکی». ئەفسانەیی ڕاستی کردارەکی بابەتێکی ناوکۆیی و هاوبەشە لەنێوان هەموویاندا. بە دڵنیاییەوە، ناتوانین چاوەڕوان بین، دەبێ هەڵوێستمان هەبێ، دەبێ خۆمان ماندوو بکەین، دەبێ ئەو ئەرکە بگرینە ئەستۆ ناتەبایی و نارێکوپێکی هەڵویستمان بەرانبەر بە هەڵکەوت، هەڵکەوتی ڕاستەقینەی ژیان کە بۆ ئێمە گرینگ و بایەخدارە، کە دەبێ ئێمەش تێیدا خۆمان بایەخ و گرینگیمان هەبێ، بگۆڕین بەسەرنجدانێکی ژیرانەی ژیان و جیهان و جیهاندید، تەنانەت ئەگەر نازانستیش بێ. خۆ ئەگەر لەو بوارەدا فەیلەسووفی جیهاندیدی یارمەتیدەرمان بێت، ئایا نابێ لەو بارەیەوە سوپاسی بکەین؟

(٣٣٧)- ئەو ڕاستییە زۆر و زەبەندەی لەوەدا هاتووە کە تا ئێستا قسەمان لێوە کرد، کەچی ئێمە ئەوپەڕی بە کەمی هەست بە نەبوونی بەرزی و دڵخۆشی دەکەین کە فەلسەفەی کۆن و نوێ پێشکەشیان کردووە. پێویستە ئێمە لەلایەکی دیکەوە پێ لەسەر ئەوە داگرین کە ئێمە دان بەو ئۆباڵەدا بنێین کە بەرانبەر مرۆڤایەتی لە ئەستۆماندایە. نابێ لەپێناوی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین قوربانی بە هەتاهەتایی بدەین و دەستبەرداری ببین و ناشبێ لەپێناوی ئەوەی ناهەمواری و کلۆڵی خۆمان کەم بکەینەوە بە میرات کلۆڵی و کێشەوبەرە بۆ نەوەکانمان بە میرات بەجێ بهێڵین کە لە دواییدا دەبێتە بەدکارییەک و ناکرێ و لە توانستیدا نابێ لەناو ببردرێ. کلۆڵی لێرەدا لە زانست کەوتۆتەوە، بەڵام هەر زانست خۆی کە کلۆڵی لێ پەیدا بووە، دەتوانێ ئەو کلۆڵییە لە ناوبەرێ، ئەگەر ڕەخنە گومانکردنەکەی لایەنگیرانی ڕێبازی سروشتی و مێژوویی ڕاستودروستی ڕاستەقینە لە هەموو کایەکانی پابەندبووندا بکات بە وڕێنە و قسەی بێ سەروبەر، خۆ ئەگەر چەمکەکانی وردبوونەوەی ناوەکی ڕوون نەبن و پێکەوە ناکۆک بن و لە سروشتەوە کەوتبنەوە، ببنە مایەی ئەوەی نەکرێ لە هەڵکەوت تێ بگەیشترێ، بەربەستی بوونی شیاوەکی هەڵوێستی ژیرەکی لە بارەیەوە بن، ئەنجا ئەگەر هەڵوێستی تایبەتی میتودەییانەی پێویستی زانستەکان ئاساییانە بنوێنرێ و بێ توانابێ و هیچی پێ نەکرێ و ببێ بە هەڵوێستی دیکە و بەو جۆرە وڕێنەی جیهاندید کە ناخی دەروون دەورووژێنێ و نارەحەتی دەکات و بە بڕیاری پێشیانەوە بەند بێ دژی ئەو جۆرە بەدکارییە و جۆرەکانی دیکە تەنیا هەریەک دەرمان هەیە: ڕەخنەگرتنی زانستی و زانستی ڕیشەیی کە لەژێرەوە پەیدا دەبێ و لەسەر بنەمایەکی پتەو دادەمەزرێ و بەپێی وردترین میتودە بەرەوپێش دەچێ: ئەویش زانستی فەلسەفەییە کە لێرەدا ئێمە داکۆکی لێ دەکەین. جیهاندیدەکان دەتوانن کێشە و بەرە بورووژێنن، تەنیا هەر زانست دەتوانێ بڕیار بدات و بڕیارەکەشی مۆری هەتا هەتایی هەڵگرتووە و پێوەریەتی.

ئیتر ئاراستەی فەلسەفە بەرەو هەر ئاقارێک بێ و بیەوێ، هیچ جێگای پرسیار و مشتومڕ نییە و نابێ لە خواستی بوون بە زانستێکی ورد و ڕێکوپێک دەستبەردار ببێ، باشتر وایە وەک زانستێکی تیورییانە بەرانبەر ڕووبەڕووی کۆششی پراکتیکییانەی جیهاندیدی ببێتەوە. بەوپەڕی هۆشیارانە خۆی هەڵاوێرێ و لێی جیا بێتەوە. لێرەدا دەبێ گشت هەوڵە ناوبژیکارەکانیش ڕەت بکرێنەوە. دوور نییە لایەنگرانی فەلسەفەی جیهاندیدەکە بڵێن: پەیڕەوکردنی ئەو فەلسەفەیە بەهیچ جۆرێک دەستبەرداربوونی بیرۆکەی زانستی ورد و ڕێکوپێک ناگەیەنێ. فەیلەسووفی ڕاستەقینەی جیهاندیدی، تەنیا هەر لە دانانی بنەماکاندا زانستپەروەر نییە، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی گشت داتاکانی زانستە تایبەتییە ڕێکوپێکەکاندا بەو پێیەی کە بناغەیەکی قایم و پتەون، ئەو میتودەی زانستی پەیڕەو و جێبەجێ دەکات، سوودیش لە بەکارهێنانی توانایی زانستیانەی

پێداویستییەکانی کێشە فەلسەفەییەکان وەردەگیرێ و پەنایان دەباتە بەر. بە پێچەوانەی سڵ و پارێز و دڵەڕاوکێی میتافیزیکی و گومانکاری قۆناغی پێشوو بە ئازایەتییەکی بێ وێنە بەدوای کێشە قووڵ و سەختەکانی میتافیزیکدا دەچێ بۆ ئەوەی بەپێی ڕەوشی سەردەم کە داخوازییەکانی ژیر و هەست و سۆزی ناخ پێکەوە و هاوئاهەنگ ئامانجی جیهاندیدی جێبەجێ بکات و بپێکێ.

(٣٣٨)- ئەوەندەی ئەمە مەبەستە کە دروست بێ بۆ سڕینەوەی هێڵی جیاکاری نێوان فەلسەفەی جیهاندیدی و فەلسەفەی زانست، پێویستە ئێمە بە ناچاریی نارەزایی دەربڕین، دەکرێ ئەمە شلی و لاوازی و نەرمی هاندەر و پاڵنەری زانستی لێ بکەوێتەوە، پلەوپایەی چەند بەرهەمێکی زڕە زانستی بەرز بکاتەوە کە لە ڕەسەنایەتیدا هەژار و دەستکورت بن. لێرەدا بواری هیچ جۆرە چارەسەرێکی مامناوەندی و ڕێککەوتنێک نییە هەروەک بەو کەمییەی لە زانستدا هەیە. لە توانایییماندا نامێنێ بە هیوای گەیشتنە چەند ئەنجامێکی تیۆرییانە بین ئەگەر هاتو هاندەری جیهاندید باڵادەستی تەواوەتی بێ. بە فۆرمە زانستییەکانیشی خاوەن سروشتی تیۆرییان تەفرەداوە. کاتێک بەدرێژایی هەزار ساڵ خواستی زانستی بەوپەڕی دڵ گەرمییەوە بەسەر بیر و ژیری زانست پەروەرە گەورەکاندا زاڵ بووە، هیچ جۆرە ڕێبازێکی فەلسەفە پەیدا نەبووە و ئەو شتەگەورە و مەزنانەش کە داهێنراون، ئەگەرچی تاڕادەیەکیش کامڵ نەبووبن، هەر بەهۆی ئەو خواستەی زانستەوە بووە. لێرەدا فەیلەسووفەکانی جیهاندیدی نەیانتوانیوە لەو باوەڕەدا بن کە بتوانن بەشێوەیەکی کۆتا و سنووردار زانستێکی فەلسەفەییانە دابمەزرێنن. ئەوانەی کە ئامانج لە کۆتاییدا دادەنێن و دەخوازن سیستەمەکەیان هەبێ و دواتر کاتی پێویستی ژیانیشیان هەیە، هیچ کاتێک توانایی ئەو کارەیان نابێ. لێرەدا تەنیا هەر یەک شت هەیە:

داخوازی ئەوەی کە فەلسەفەی جیهاندید بەڕاستی بە تەواوەتی ببێ بە زانست، پاشەکشە دەکات و واز دەهێنێ- ئەمەش بە تەواوەتی بە پێچەوانەی خواستەکەیەوە- کە هیچی تر ژیرەکان سەرگەردان و پێشکەوتنی فەلسەفەی زانست بەربەست بکات.

ئامانجە نموونەییەکەی هەر «جیهاندید» دەمێنێتەوە کە لە پوختە و گەوهەردا زانست نییە. نابێ ڕێگا بەخۆی بدات بەهۆی دەمارگیری زانستییەوە بە هەڵە بچێ کە لەو سەردەمەماندا بە فراوانی بڵاوبووەتەوە و هەرچی بە «تەواوەتی زانستی» نەبێ وەک نازانست دوور دەخرێتەوە. زانست خۆی بەهایەکە لەنێو ئەوانی دیکەدا و وەک ئەوانی تر مافی خۆی هەیە. خۆ ئەگەر بەهای جیهاندید لە سەر بنەمایەکی پتەوی قایم دامەزرابێ، ئەوە دەبێ وا بڕیاری لەسەر بدرێ کە توانایی و داهێنانی کەسی تاکە، بەڵام زانست کۆی کاری داهێنانی نەوەیەکی توێژەرانە، پێشتر لەسەرەوە قسەمان لەوە کرد. هەردووکیان سەرچاوەی جیاوازی بەهایان هەیە، هەروەها ئەرکی لە یەکتری جیاوازیان لە ئەستۆدایە. شێوازی جیاوازی کارکردن و فێرکردنیان لەبەردەستدایە. فەلسەفەی جیهاندیدی وەک دانایی شت فێردەکات: کەسایەتی ڕووی گوفتار لە کەسایەتی دەکات.

(٣٣٩)- فێرکار دەبێ بەپێی شێوازی ئەو جۆرە فەلسەفەیە، بە سایەی خەسڵەتی گرینگی تایبەتی و دانایی نایابی جیاواز، ڕوو لە جەماوەرێکی فراوان بکات، یان وەک خزمەتچییەکی کردەکی بەرزی ئارەزوو سوود و قازانجی ئایینی، ئاکاریی، قانوونی و ...تاد بێ، بەڵام زانست شتێکی نا کەسایەتییە. ئەوانەی بەشداری تێدا دەکەن، پێویستیان بە دانایی نییە و پەکیان لەسەری نەکەوتووە، بەڵکو دەبێ بەهرەی تیوری هزریان هەبێ. ئەو بەشدارییەی زانست دەیکات، لە کایەی خۆیدا، گەنجینەی ڕاستیودروستی هەتاهەتایی بە پێز و برشت دەکات، ئەمەش دەبێ ببێتە مایەی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی. ئەم بە پێوەرێکی بەرزی تایبەتی، هەروەک لەسەرەوە دیتمان، بەسەر زانستی فەلسەفەییدا دەگونجێ.

کاتێک جیابوونەوەی یەکلاییکەرەوەی ئەو دوو جۆرە فەلسەفەیە لە هۆشیاریدا جێگیر دەبێ، دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە دەبێ فەلسەفە ڕوخسار و زمانی زانست بخوازێتەوە و وەک ناتەواوی تێیدا بیانزانێ ئەوەی لەودا ستایش و لاسایی کراوەتەوە، خەسڵەتی قووڵییە. قووڵی خەسڵەتێکی ئاژاوەیە کە زانست دەیەوێ بیگۆڕێ بە گەردوون (کۆسمۆس) بە نەزمێکی سادە و ساکاری ڕوون و ئاشکرا. زانستی ڕاستەقینە ئەوەندەی تیۆرییەکەی بیگاتێ و ڕێبازەکەی بڕ بکات هیچ قووڵاییەک نازانێ. هەر بەش و پشکێکی زانست بریتییە لە کۆ و تێکڕای

هەنگاوە هزری و بیرییەکان کە هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە ڕوونە و تێی دەگەیشترێ، بە هیچ جۆرێک قووڵ و بێ بن نین. قووڵی و بێ بنی بابەتی دانایین، ڕوون و ڕەوانی چەمک و بۆچوون، بابەتی تیووری ورد و ڕێکوپێکن، گۆڕینی زانیاری- قووڵ- بۆ ڕوخسارێکی ڕوونی ژیرەکی پرۆسەیەکی گەوهەری پێکهاتنی نوێی زانستی ورد و ڕێکوپێکە.

هەروەها زانستە ورد و ڕێکوپێکەکان قۆناغێکی دوورودرێژی قووڵیان هەبووە، هەروەک لە خەبات و تێکۆشانی سەردەمی ڕاپەڕیندا کردوویانە، ئیتر دەبێ فەلسەفەش- من بوێری ئەو ئاوات خواستنە دەکەم- لە خەباتی سەردەمیدا لە مەلۆ و ئاست و خانەی قووڵیەتییەوە بەرەو ڕوون و ڕەوانی زانست بەرەوپێش بچێ، بۆ ئەم مەبەستە تەنیا پێویستی بە باوەڕ و دڵنیاییەکی ڕاستەقینە هەیە بە ئامانجەکەی خواستێکی بەهێز کە بە هۆشیارییەکی تەواوەتییەوە ڕوو لەو ئامانجە بکات و هەموو هێز و توانایییەکی لەبەردەستدا بووی بۆ دابین بکات، ئەم سەردەمەمان بەسەردەمی هەرەسهێنان ناودەبرێ. من ناتوانم ئەو گازندە سەرزەنشتە بە ڕەوا و پاساو دراو دابنێم. ئێمە بە دەگمەن لە مێژوودا قۆناغێک بەدی دەکەین ئەوەندە زۆر و زەبەندەی هێزی کارکردن کارا و چالاک بوون و بەو سەرکەوتنەوە کاریان کردبێ. مەرج نییە ئێمە هەمیشە ئامانجەکان پەسند بکەین، دەکرێ گازندەیان لێ بکەین کە لەسەردەمە هێمن و ئاسوودەکاندا کاتێک تێیاندا ژیان بە ئاشتی پتر بەسەربراوە، وەک ژیانی گیانی گەشەکراوە، گەشەیەک کە وێنەی نییە و ناکرێ بە هیوای بوونی بێن لەو سەردەمەماندا، هەروەها بگرە دەکرێ هەندێک جار بە تایبەتی ئەوەی دەیخوازین و حەزمان لێیەتی و هەمیشە ئەوەی دەیخوازین، جارێکی دیکە، دژی هەستی جوانی (ئیستێتیکی) بێت، ئەگەرچی زۆریش لە جوانی ساکاری بە ئازادی گەشەکردوو نزیکیش بێت، بەڵام بێ دادیی بەرانبەر سەردەمەکەمان دەبێت ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بابەتی کەمبایەخ بداتە پاڵی، ئەوەی باوەڕ پتەو بکات و تێگەیشتن و سۆزی گەرم بۆ گەورەیی ئامانجێک بخوازێ، بە ئاسانی ئەو هێز و توانایییە دەدۆزێتەوە کە ڕوو لەو ئامانجە دەکەن. من لەمە مەبەستمە بڵێم، ئەو سەردەمەمان سەبارەت بە ئەرکەکەی، سەردەمێکی گەورەیە، بەڵام بەدەست گومانەوە دەناڵێنێ کە نموونە بەرزی کۆنە ناڕوونەکانی تێکوپێک داوە و شێواندوونی، هەربۆیە بەدەست کەمی پەرەسەندن و توانایی و هێزی فەلسەفەوە دەناڵێنێ کە تا ئێستا بەپێی پێویست پەرەی نەسەندووە و ئەوەندە زانستی نییە تاوەکو بتوانێ بەهۆی پۆزیتیڤیزمی ڕاستەقینەوە ڕێبازی ساکاری گومان (کە خۆی بە پۆزیتیڤیزمۆس ناو دەبات) ببەزێنێ. سەردەمی ئێمە دەیەوێ تەنیا باوەڕی بە «ڕاستییەکان» هەبێ، ئێستاکە ڕاستەقینە بەهێزەکەی زانستە و ئیتر زانستی فەلسەفەیی ئەوەیە کە سەردەمەکەمان بە زۆریی پێویستی پێیەتی.

ئەگەر ئێمە واتای ئەو سەردەمەمان ڕوون بکەینەوە و لێکی بدەینەوە، ڕوو لە ئامانجە مەزنەکە دەکەین، کەوابوو دەبێ بۆ خۆمانی ڕوون بکەینەوە کە ئێمە تەنیا هەر بە یەک ڕێگادا پێی دەگەین، واتە:

ئەگەر ئێمە پشت بەستوو بە ڕێبازی ڕیشەیی (ڕادیکالیزم) کە سەر بە گەوهەری ڕاستەقینەی زانستی فەلسەفەیە، هیچ شتێکی پێشییانە پەسند نەکەین، بۆ ماوە بەدەستپێک و سەرەتا دانەنێین، ناوی گەورە و زەبەلاح نابینامان نەکات، بەرچاو ڕوونانە ڕاستەوخۆ ڕوو لە کێشەکان خۆیان بکەین و داواکاری یەکلایی کردنەوەیان وەک سەرەتا بێ لەلامان.

بە دڵنیاییەوە، پێویستیشمان بە مێژوو دەبێ، نەک بەو شێوازەی مێژوونووسان پێویستیان پێیەتی و لەنێو پێوەندییە ئاڵۆزەکاندا کە ڕێبازە گەورەکانی فەلسەفە پەیدابوون، سەرگەردان بین و سەرمان لێ بشێوێ، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەوان بەپێی ناوەرۆکە ژیرییە گیانییەکەیان بمانوروژێنن و کارمان لێ بکەن. ئەوی ڕاستی بێ لەو فەلسەفە مێژووییانەوە، ئەگەر بە وردی سەرنجیان بدەین و بزانین چۆن بچینە نێو ناخی وشە و تیورییەکانیانەوە، سروشتی ژیانی فەلسەفەییمان پێ دەبەخشێ بە تێکڕای پێز و بڕشت و هێزی هاندەرە زیندووەکانەوە، بەڵام ئێمە بە هۆی فەلسەفەکانەوە نابین بە فەیلەسووف. هەر دەست بە دامێنی بابەتی مێژووییەوە بگیرێ، لە چالاکییەکی ڕەخنەگرانەی مێژووییەوە پێوەی خەریک بین، بەهۆی ڕێگایەکی کۆکردنەوە و پێکەوە گونجاندن، یان زیندووکردنەوەیەکی نا مێژووییانەی ناوەخت بە زانستی فەلسەفەیی بگەیشترێ، ئەمە چەند کۆششێکی بێ هیوا و ئاواتانەن، ناکرێنە هاندەری توێژینەوە لە فەلسەفەکانەوە، بەڵکو دەبێ لەشت و کێشەکانی

پێوەندییان پێوەی هەیە بێی و بکەونەوە. فەلسەفە بەپێی پوختە و گەوهەرەکەی بریتییە لە دەستپێکی ڕاست و ڕاستەقینە، هی بنەڕەتەکانە، هی ئەو زانستەیە کە بایەخ بە بنجوبناوان و ڕەگوڕیشە دەدات. زانستی بنەڕەت و ڕیشەییەکان دەبێ لە میتودەکەیدا خۆی ڕیشەیی بێت و ئەمەش دەبێ لە هەموو بۆچوون و بارێکەوە بەو جۆرە بێت.

(٣٤٠)- پێش هەموو شتێک نابێ مەیلی ئاسوودەیی هەبێ پێش ئەوەی سەرەتا و دەستپێکە ئەوپەڕی ڕوونەکانی دەستگیر دەبێ، واتە کێشە بە تەواوەتی ڕوونەکان، ئەنجا ئەو میتودانە بە دەست بهێنێ کە پێش بەپێی واتا تایبەتییەکەی کێشەکان باس کران، ئیتر دوا کایەی توێژینەوە کە بە ڕوونییەکی ڕەوان شمەکەکان دەخرێنە بەرچاو. تەنیا، ناکرێ هەرگیز و هیچ سەردەمێک لەنابوونی ڕیشەیی بیرۆکەی پێشییانە دەستبەردار ببێ و بەلای کەمەوە پێشییانە ئەو «شتانە» لەگەڵ «ڕاستەقینە» ئەزموونییە ئیمپرییەکان بکات بە یەک، ئیتر بەرانبەر بە بیرۆکەکان کە بە قەبارەیەکی گەورە لە سەرنجدانی ڕاستەوخۆدا دەردەکەون و دێن، ئێمە بەوپەڕی کەوتووینەتە ژێر باری ئەو بڕیارە پێشییانەی لەسەردەمی ڕێنێسانسەوە ماونەتەوە. ئەوی بە ڕاستی لە بڕیاردانی پێشییانە دەربازی بووە بەلایەوە گرینگ نییە کە ئایا دڵنیاییەکە لە (کانت)ەوە، یان لە (تۆماسی ئەکوین)ەوە، یان لە داروین، یان لە ئەرستۆوە، یان لە هێلمهۆڵتز، یان لە پاراسیلیۆسەوە کەوتووەتەوە و هاتووە. ئەو داواکارییە گرنگ نییە کە دەڵێ: شت بە چاو ببینی، بەڵکو ئەوی ڕوویداوە لەژێر گوشاری بڕیاری پێشییانەدا ڕوون نەکرێتەوە. لەبەر ئەوەی لە زانستە کاریگەرە سەرنجڕاکێشەکانی سەردەمی نوێ زانستی فیزیکی بیرکاری کە پشکی شێری کارەکانیان ئەنجامی میتودەی ناڕاستەوخۆن، بۆیە ئێمە پتر بەولایەدا دەشکێنێ کە میتودە ناڕاستەوخۆکان پتر لەوەی پێویست دەکات بنرخێنین و بە هەڵە لە بایەخی تێگەیشتن و پەی پێ بردنی ڕاستەوخۆ بگەین، بەڵام فەلسەفە لە پوختە و گەوهەردا ئەوەندەی کە بچێتەوە سەر بنجوبناوانی، کارە زانستییەکانی لە کایە و دەڤەری بۆ هاتنی ڕاستەوخۆدا چالاکن و دەجوولێنەوە، ئیتر هەنگاوێکی گەورەیە کە پێویستە ئەم سەردەمەمان هەڵیگرێ، ئەوە بزانێ کە بە ڕێگای بۆ هاتنی فەلسەفەییەوە، بە واتا ڕاستودروستەکەی، تێگەیشتنی گەوهەری فینۆمینولۆجیانە کایەیەکی بێ کۆتایی کارکردن لەبەردەمدا دەیکاتەوە و بەبێ میتودەی ناڕاستەوخۆی بە سیمبۆلکراو و بیرکاری بەبێ پەنابردنە بەر ئامرازی ئەنجام و سەلمێنە زانست، بگرە کۆڵێک زانین و زانیاری ورد کە بۆ فەلسەفە ئەوپەڕی گرنگ دەستەبەر دەبێ.

**پ.د. ئیدمۆند هوسەرڵ**
**ئەڵمانیا**

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**- Edmund Husserl: Philosophie als strenge Wissenschaft. In; Aufsatze und Vortyage- 1911- 1921. S.47-62.**

**- یەکەم جار ئەو توێژینەوەیە لە ئەڵمانیا لە ژمارە (١)ی گۆڤاری لۆگوس (Logos) ساڵی ١٩١١ لە ل:٢٨٩-٣٤١دا بڵاوکراوەتەوە.**

**- ئەو شاکارەی ئیدمۆند هوسەرڵ لە کۆڕ و کۆمەڵگاکانی فەلسەفەی نێو دەوڵەتیدا بە مانیفێست و بانگەشەی دامەزراندنی ئەو ڕێبازەی فەلسەفە دانراوە کە لە سەرانسەری جیهان و لەنێو زانکۆکاندا بە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی ناسراوە. لەو توێژینەوەیەدا کەسایەتی هوسەرڵ بە تەواوەتی دەرکەوتووە، میتودەی شیکاری بیرکاری کە پسپۆڕیی سەرەکی و تێزەی دوکتۆرییەکە بووە، هەستی پێ دەکرێ.**

**بیرکردنەوە و شرۆڤەکردنی سایکۆلۆجیانە کە وەک خوێندکاری دوکتۆرای لەلای پرۆفیسۆر برێنتانۆ لە زانکۆی ڤیەننای نەمسا خوێندوویەتی، ئەنجا بابەتی لۆجیک کە لەگەڵ گوتلۆب فریگەی ڕکابەریدا بە ساڵ لە وتار و وانە و نووسینەکانیاندا سەنگەریان لە یەکتری گرتووە.**

**بەڵام ئایا فەلسەفە بوو بە زانست؟ ئەو گوڵە کامەیە کە هوسەرڵ خستوویەتییە سەر خەرمانی ئەو کۆششەی لە دێر زەمانەوە بۆ بە زانست کردنی فەلسەفە کراوە؟ وەڵامەکەی بەهەر بارێکدا بێ، لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ڕاستە فەلسەفە پەرەی سەندووە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام هەروەک خۆی بە فەلسەفە ماوەتەوە و لەبەردەم هیچ سەختییەکی ژیان و شارستانییەتدا خۆی بەدەستەوە نەداوە و هەر لەژێر باری سەختی ئەو ئەرکەدایە کە لەگەڵ پەیدا بوونییەوە چووەتە ژێریەوە و گرتوویەتییە ئەستۆ.**